السيد الحكيم : الشعائر الحسينية مؤسسة وعي وإصلاح ويجب صيانتها من الانحرافات

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی بەشداری چوارمین کۆنگرەی خوێندکارانی مینبەری حوسەینی کرد کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران و گوتار خوێنان سازکرا، سەماحەتی سەرۆتا پیرەزبایی هاتنی مانگی موحەرەمی حەرامی کرد و پیرەزبایی جەژنی غەدیری دووپات کردەوە و پرسەی بەبۆنەی هاتنی مانگی موحەرەمی حەرام ئاراستە کردن و گوتی (غەدیر و کارەساتی عاشوورا بەگەی قوون لەسەر ویلایەت و قوربانی لێبناو چاککردنی نەتەوە.

لەگوتەکەی سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی دروشمە حوسەینیەکان وەک پەیوەندیەکی هەمیشایی لەنێوان نەتەوە و کەیسی ئیمام حوسەین (سڵاوی لێ بێت) کە بەشداری دەکات لە دروستکردنی هەشیاری کەمەلایەتی و سیاسی و ئاینی تەواو، سالانەش تازە دەکرێتەوە بە هێزی ئەو بەهایانەی هەیگرتوون و ڕوونیشی کردەوە کە ئەو دروشمانە گەورەترین دەزگای خزمەتگوزاری و کەمەلایەتی یە لە جیهان، لەبەر ئەوەی هەکخساتن و ئامادەکاری و بەخشین و خەبەخشینی جاماوەری فراوانی پێویستە.

سەماحەتی ئاماژەی بە گرنگی دروستکردنی پلاتفۆرمی حوسەینی کرد کە ئابردوو بە ئێستاوە دەبەستنەوە و ڕووبەڕووی نەخشیەی کەمەلایەتیەکان دەبێتەوە و ئەو بەها بەرزانەی کە ئەهلی بەیت لەسەر ئەوان بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵو دەکاتەوە، هەروەها تێکیدیشی کردەوە لەسەر پێویستی خەبەدوورگرتن لە کارە نایاساییەکان و پابەندبوون بە ناوەرۆکی شەرعی و داوای ئامادەکاری زانستی بۆ کێبوونەوەکان و هەڵچاوکردنی کات و شوێن و ئامادەبووان و پشت بەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و پێشنیاری هاوسەنگ کرد...

بەڕێز حەکیم تێکیدی لەوە کردەوە کە ژنانی باوەدار بەتایبەتی خوێندکارانی مینبەر بەرپرسیارێتیەکی گەورەیان لێئستدایە لەگواستنەوەی بەچوونی حوسەینی لەهۆشت و هەفتاردا و خاتوو زەهرا و زەینەب (سڵاویان لێ بێت) وەک نموونەی ژنانی نموونەیی و هەڵوێستکانیان هێنایەوە، هەروەها ئاماژەی بە گرنگی چاکسازی ڕاستقینە دا لەڕێگەی پشکشکردنی نموونەیەکی باش، پەرەپێدانی کەلتووری گشبینی و لێبوردەیی، دەستپێکردنی ژینگەی نزیک لە گەنکاری کەمەلایەتی، و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکان بە بەاوکردنەوەی هەشیاری و زانیاری.
سەبارەت بەدەخی هەرەمی بەڕێز حەکیم ئاماژەی بە ئەزموونی ئێرانی کرد لە گفتوگۆ و چۆن زوەمی لێکرا، هەروەها ستایشی بەیاننامەی مەرجەعیەی بالای کرد کە سەید سیستانی (خوا سیبەری بەڕێت) دەریکرد و تێیدا سەرکۆنەی دەستدرێژیەکیە کرد و هەشداری لە گەرشۆنی دا و چارەسەری ئاشتیانە و دادپەروەرانەی دووپات کردەوە..
لەکۆتایی گوتەکەی سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پێویستە بەژیرانە و هەشیارانە بەفراوانی بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن و گوتیشی ئەوە بەسڵێیە لە هەڵبژاردن کە پێویستە پاڵەوراوی باش بن لە لیستی وا کە پرۆژەی ڕوون و دروست و واقیعی لەخۆوە گرتوە و دەتوانێت خزمەت بکات و خواستکانی خەڵکیش بەدی بهێنێت.